# دەرژێنم یان دەرێژم  بۆ کاک لاوین ئازاد

**کاروان سەربەنی**
k_serbeni@hotmail.com

**کاک لاوین ئازاد ئەگەر سەرت لە زمانەوانی دەرناچێت ، هەق نیە لەخۆڕاوە شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بەناو بکەوێت. من باس لە نووسینەکەی بەڕێزتان ناکەم، تەنیا لەسەر وشەی دەرژێنم دەوەستم و دەڵێم :**

**کاکە گیان زمانی کوردی زۆر فراوانە ، شێوەزار و دیالێکتیکی زۆری هەیە . راستیەکانی زمانەوانی لای تاکە زاراوەیەک نیە ، هەموویان بەیەکەوە زمانی کوردی تەواو دەکەن .**

**فەرموو چی لەو وشانە دەکەیت :**

**دەخورێنم     لە خوراندنەوە هاتووە**

**دەدوێنم     لە دواندنەوە هاتووە**

**دەدڕێنم     لە دڕاندنەوە هاتووە**

**دەمرێنم     لە مراندنەوە هاتووە**

**دەکڕێنم     لە کڕاندنەوە هاتووە**

**دەچوێنم     لە چواندنەوە هاتووە**

**دەترێنم     لە ترِاندنەوە هاتووە**

**دەپسێنم     لە پساندنەوە هاتووە**

**دەروێنم     لە رواندنەوە هاتووە**

**دەردێنم     لە دەرێنان یان دەرهێنانەوە هاتووە**

**دەشکێنم     لە شکاندنەوە هاتووە**

**هەڵبەت  (دەرژێنم)یش  لە رژاندنەوە هاتووە**

**مامڵێی هونەرمەندیش دەڵێ : یان سەرگۆنای ماچ دەکەم ، یان شیرەکەی دەرژێنم .**

**لە دوا دێڕدا ئەوەت پێدەڵێم : لە زمانی کوردیدا هەم دەرێژم هەم دەرژێنم هەردووکیان راستن و نابنە جێگای رەخنە .**